# تێڕامانێك له بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیستی و گرفته‌كانی

**به‌شی چواره‌م**

**بژار**

May 01, 2005

چینی كرێكار , پێش ئه‌وه‌ی كۆمۆنیسته‌كان ڕێكیان بخه‌ن , هه‌لومه‌رجی كار كردن و ژیان , لێره و له‌وێ , كۆمه‌ڵ كۆمه‌ڵ , ڕێكی خستوون . كۆمۆنیسته‌كان پێش ئه‌وه‌ی هۆشیاری سیاسی و كۆمه‌لأیه‌تییان بده‌نێ , خۆیان به ڕاده‌ی جۆراوجۆر و به پێی شوێن و هه‌لومه‌رجی كار كردن , كه‌م و زۆر به به‌راوورد به یه‌كتری , له‌و هۆشیارییه به‌هره‌مه‌ندن . كۆمۆنیسته‌كان كه ڕێكیان ده‌خه‌ن , ته‌نیا تێك هه‌ڵكێش كردنی ڕێكخستنه‌كانی كرێكاران خۆیانه به یه‌كتری و شكڵ پێدانێكی سه‌رانسه‌رییانه‌یه له سه‌ر ئاستی كۆمه‌ڵگا . سه‌باره‌ت به هۆشیاری سیاسی و كۆمه‌لأیه‌تیش هه‌ر هه‌مان جۆره . واته به‌رجه‌سته كردنه‌وه‌ی هۆشیاریی یه‌كه , كه خودی كرێكاران له پڕۆژه‌یه‌كی مێژوویی و له جه‌رگه‌ی ململانێ چینایه‌تییه‌كانیاندا و به ڕاده‌ی ده‌سكه‌وته جیهانییه‌كانیان به ده‌ستیان هێناوه .

كۆمۆنیسته‌كان هه‌ر هه‌مان ڕێكخستن و هۆشیاری چینی كرێكار خۆیانه , له‌گه‌ڵیاندا گه‌لاڵه‌ی ده‌كه‌ن و ده‌یانده‌نه‌وه . خودی كۆمۆنیسته‌كان خۆشیان به هۆی ئه‌وانه‌وه , فێری هونه‌ری ڕێكخستن و مشت و ماڵ كردنی هۆشیارییه چینایه‌تییه‌كان ده‌بن . ئه‌گه‌ر چینی كرێكار نه‌بوایه , ماركس نه‌ده‌بوو , ڕابه‌ره‌كان نه‌ده‌بوون , حزبه‌كان نه‌ده‌بوون , ئه‌م هه‌موو نووسراوه كرێكارییانه نه‌ده‌بوون . هه‌موو گه‌لاڵه كردن و فۆرمۆله كردنێكی هۆشیارییه سیاسی و كۆمه‌لأیه‌تی و ڕێكخراوه‌ییه‌كانی چینی كرێكار , كه له سه‌ر ئاستی سه‌رانسه‌ری ده‌درێته‌وه پێیان , به په‌یوه‌ست كردنه‌وه‌یان به كار و خه‌باتی ڕۆژانه‌یانه‌وه , ته‌وژمێك به كێشمه كێشه چینایه‌تییه‌كانیان ده‌دات و پله‌یه‌كی بالأتر به تێگه‌یشتنه‌كانیان ده‌به‌خشێت , وه له‌وێشه‌وه چوونه پێشه‌وه‌ی تیئۆری جارێكی تر ده‌بێته‌وه به توخمێكی بنه‌ڕه‌تی بۆ بره‌ودان به خه‌باتی چینایه‌تی .

چینی كرێكار به هۆی هه‌لومه‌رجی كار كردن و خه‌باتی چینایه‌تی و زانستی ڕزگاری به‌خشه‌وه كه ماركسیزمه , وه له پڕۆسه‌یه‌كی مێژوویيدا و به وانه‌كان و تاقی كردنه‌وه‌كانی له مه‌یدانه‌كانی مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپه‌ڕین و شۆڕش و دامه‌زراندنی حوكومه‌ته‌كانی خۆیدا , توانیویه‌تی ئاستێكی به‌رز له هۆشیاری چینایه‌تی بۆ چوونه پێشه‌وه‌ی ئێستا و داهاتووی ده‌سته‌به‌ر بكات . له سه‌ر بناغه‌ی ئه‌م بارودۆخ و ده‌ستكه‌وتانه‌وه‌یه كه كۆمۆنیسته‌كان , وه‌كو به‌شێك له چینی كرێكار و له ناویشیاندا , ده‌توانن به ئه‌ركه چینایه‌تییه‌كانیان له به‌ره‌و پێش بردنی هه‌موو چینه‌كه هه‌ڵبستن . یانی كۆمۆنیسته‌كان به به‌رده‌وامی هه‌مان هۆشیاری چینی كرێكار له هه‌موو ڕوویه‌كه‌وه به‌رجه‌سته ده‌كه‌نه‌وه و ده‌یده‌نه‌وه پێیان . ئه‌م ئاڵوگۆڕه به‌رده‌وامی یه‌یه له نێوان چینه‌كه و كۆمۆنیسته‌كاندا , كه ئامانجه‌كان , به خه‌باتی لێبڕاوانه‌یان , نزیكتر ده‌كه‌نه‌وه .

ئه‌م پێشه‌كییه‌م بۆ ئه‌وه هێنایه‌وه كه بڵێم حزبه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیستی , كاره‌كانیان كۆنترۆڵ كردنی چینه‌كه و كۆكردنه‌وه‌یان نییه به ده‌وری ڕابه‌ره‌كانیاندا , به‌ڵكو یه‌كانگیر بوونی ئه‌مانه به ئه‌رك و ئامانجه چینایه‌تییه‌كانی ئه‌وان . ڕه‌گ و ڕیشه‌ی كۆمۆنیسته‌كان ( به حزبه‌كانیشیانه‌وه ) چینی كرێكاره , نه‌ك به پێچه‌وانه‌وه . چوونه پێشه‌وه‌ی چینی كرێكار , مه‌یدانی چوونه پێشه‌وه‌ی ئه‌وانه , نه‌ك به پێچه‌وانه‌وه . هه‌رچه‌نده كار تێكردنه‌كان و په‌یوه‌ندییه‌كان و بالأ كردنه‌كان , ئاڵوگۆڕ كردنێكی به‌رده‌وام و په‌ره‌سه‌ندنێكی پێ به پێ و ڕانه‌وه‌ستا و به‌رهه‌م ده‌هێنێت , به‌لأم چینی كرێكار ئه‌سڵه و كۆمۆنیسته‌كان و حزبه‌كانیان هه‌میشه ده‌بێت سه‌ر به‌و بن .

حزبی كۆمۆنیستی له باشترین حاڵه‌تیدا , نموونه‌یه‌كی بچوك كراوه‌ی چینی كرێكاره , به ئه‌رك و ئامانجه چینایه‌تییه‌كانیه‌وه , به خه‌باته په‌یگیرییه‌كه‌یی و به حوكومه‌ته داهاتووه‌كه‌یه‌وه . ده‌بێت حزبی كۆمۆنیستی چینی كرێكار , هێنده كراوه بێت بۆ ئه‌ندامان و چینی كرێكار كه بۆن و به‌رامه‌ی كۆمه‌ڵگای سۆشیالیستی لێ بێت . یانی به گوێزانه‌وه‌ی خاسیه‌ته‌كانی چینی كرێكار بۆ ناو حزب , ده‌بێت حزب ببرێته پێشه‌وه , نه‌ك به فۆرمۆله كردنی بیره‌كانی لیده‌ر و مه‌كته‌ب سیاسی و په‌خش كردنه‌وه‌ی زۆره ملێی به سه‌ر هه‌موو حزبدا . جێگیر كردنی په‌یوه‌ندییه چینایه‌تییه‌كانی چینی كرێكار له حزبدا كه به‌رفراوانترین دیمۆكراسی به خۆیه‌وه ده‌بینێت , له ڕێگای چینی كرێكاره‌وه ده‌بێت . یانی له ڕێگای گواستنه‌وه‌ی به‌رزترین ئاستی ڕێكخراوه‌یی چینی كرێكار به هه‌موو ئازادی و ماف و هه‌ڵسوڕانێكی سه‌رانسه‌ریانه‌ی چینایه‌تییانه‌وه و به ئاسۆ ڕۆشه‌نه سۆشیالیستییه‌كه‌یه‌وه و به گرتنه به‌ری ئوسوڵی ده‌سه‌لأت له خواره‌وه بۆ سه‌ره‌وه , حزب ده‌توانێت كرێكار بوونی خۆیی و ئامڕاز بوونی خۆی بۆ خه‌باتی چینی كرێكار ڕابگه‌یه‌نێت . هه‌موو گشتی كردنه‌وه‌یه‌كی سه‌رانسه‌رییانه‌ی هۆشیارییه سیاسی و كۆمه‌لأیه‌تییه‌كانی چینی كرێكار له لایه‌ن حزبه‌وه و گه‌ڕاندنه‌وه‌ی پاش گه‌لاڵه كردنی بۆ ڕیزه‌كانی چینی كرێكار , ئه‌گه‌ر پیاده نه‌بێته‌وه له خه‌باتی ڕۆژانه‌دا , به مانای كورت هێنانی تێگه‌یشتنی حزب و به تایبه‌تی ڕابه‌رایه‌تی یه له هه‌ڵسه‌نگاندنی بارودۆخی كۆمه‌ڵگا و ململانێ چینایه‌تییه‌كانیدا . مه‌سه‌له‌ی كۆمۆنیست

بوونی حزبەکان بەوە پەیوەست نابێتەوە کە چەند کرێکار ئەندامانی ڕیزەکانی خوارەوە و سەرەوەیانە , بەڵکو بەوە پەیوەست دەبێتەوە کە تا چەند ڕابەرایەتی کردنی چینی کرێکار بە سەر حزبەکانیاندا قەبوڵ دەکەن .

حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەم قاڵبەی ئێستایانەوە , هەموو ڕابەرەکانیشیان لا ببەیت و کرێکاریان لە شوێن دابنێیت , هێشتا هەر گرفتەکە چارەسەر ناکرێت و حزبەکان هەر نامۆ دەبن بە چینی کرێکار . یانی ئەو کرێکارانەش کە دەبن بە ڕابەرایەتی , بۆ خۆیان و بەدەر لە ویستی ئەوان , سیستمە حزبییەکە کە لە سەر بناغەی زنجیرە مەڕاتیب دامەزراوە , دەیانکاتەوە بە هەمان سەرچاوەی بیرۆکراتیەت . من کە لافیتەی شۆڕش کردنی ئەندامان لە حزبدا بەرز دەکەمەوە بۆ ڕزگار بوونە لە بەرهەم هێنانەوەی سەرکوت لە لایەن ئەم دەزگایەوە کە ناوی حزبە . بۆ تەخت کردنی کۆسپێکی گەورەی دەیان ساڵەی بەردەم شۆڕشی کرێکارییە . بۆ بەدی هاتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە . بۆ لێدانە لە کۆنترۆڵ کردنی چینی کرێکار بە ناوی ڕادیکالترین بزووتنەوەی چینایەتی خۆیەوە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە . ڕابەرایەتی ئەم حزبانە بە هیچ شێوەیەك واز لەو شێوازی کار کردن و پلەوپایەی خۆیان ناهێنن , ئەگەر بە هێزی لە بن نەهاتووی شۆڕشی ئەندامان نەبێت .

حزب پێش ئەوەی کاری تەشکیلاتی بکات , دەبێت دەزگایەکی هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکار بێت . ناساندنی جیهانی چینایەتییانەی خۆیان بێت پێیان . کەناڵی ئاڵوگۆڕ کردنی تێگەیشتنەکان بێت بە ڕووداوەکان و دیاردەکان . ئامڕازی تەخت کردنی کۆسپەکانی بەردەم چوونە پێشەوەی کرێکاران بێت . ڕێکخەری ڕیزەکانیان بێت . بڵێسە پێدانی ئاگری شۆڕشگێڕانەیان بێت . پێ بەخشینی ئاسۆی گەیشتن بە سۆشیالیزم بێت لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتییانەوە . حزب پێش ئەوەی کاری تەشکیلاتی بکات , دەبێت تەشکیلاتەکەی ببێتە بەشێکی تەشکیلاتە گەورەکەی چینی کرێکار . حزب نابێت چینی کرێکار بە خۆیەوە پەیوەست بکات , دەبێت خۆی بە چینی کرێکارەوە پەیوەست بکات . میکانیزمی وەرچەرخاندنەوەی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بۆ چینی کرێکار و بوونیان بە ئامڕازی خەباتی ئەو , بە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ئێستایان و بنیات نانەوەیان دەبێت لە سەر بناغەی چوونە ژێر دەسەڵاتی چینایەتییانەی چینی کرێکارەوە . ئەمە لە ڕێگای شۆڕشی ئەندامانەوە دەبێت . لە ڕێگای بەرز کردنەوەی بانگەوازی گەڕاندنەوەی هەموو دەسەڵاتێکی حزبییەوە دەبێت بۆ چینی کرێکار . لە ڕێگای لابردنی ڕابەرایەتی تاکرەوی و دانانی ڕابەرایەتی بە کۆمەڵەوە دەبێت . لە ڕێگای بە فەرمی ناسینی دەسەڵاتی خوارەوە دەبێت لە لایەن سەرەوە . لە ڕێگای پایەدار بوونی دەسەڵاتی شوورایی سۆشیالیستییەوە ( نەك دەسەڵاتی شوورایی دیمۆکراسی بۆرژوا ) دەبێت لە ناو حزبدا . ئەم حزبەیە کە دەبێتە ئامڕازی خەبات بە دەست چینی کرێکارەوە .

هەموو پاوان خوازییەك لە دەسەڵاتدا , نامۆیە بە چینی کرێکار . تەنانەت چینی کرێکار کە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت , دەسەڵات پاوان ( قۆرغ ) ناکات بۆ خۆی , بەڵکو لە ڕێگەی خۆیەوە پاوانی دەکات بۆ هەموو مرۆڤایەتی . ئەم چوارچێوە حزبیە , ئەم زنجیرە مەڕاتیبە , ئەم گوێ پێ ڕایەڵ کردنەوەی خوارەوە بۆ سەرەوە , ئەم سیستمی کۆنترۆڵ کردن و دەستەمۆ کردنە , ئەم کەسێتی و ئازادی و ماف لە قاڵبدانە , هێندەی بە داخرانی حزب ئاشنایە , هێندەی بە تێڕوانین داسەپاندن ئاشنایە , هێندە بە ناسینی چینی کرێکار و دەورە مێژووییەکەی و هێزە جیهانییەکەیی و خودی مەزنی مرۆڤ ئاشنا نییە . بۆیە ئەوەندەی ئەم سیستمە حزبییە بە قازانجی بۆرژوای جیهانی شکاوەتەوە , نیو ئەوەندە بە قازانجی پڕۆلیتاریای جیهانی نەشکاوەتەوە . ئەگەر حزب کرێکاری بێت , دەبێت توانای فراوان بوونی بە قەد فراوانی چینەکە هەبێت . دەبێت پەیوەندییەکانی ناوەوەی بە قەد پەیوەندییەکانی
ناوەوەی چینەکە دیمۆکراسییانە بێت . دەبێت وەکو چینی کرێکار پێداگر بێت لە سەر بەرژەوەندییە سەرانسەرییەکانیان و وەکو ئەوانیش پێداگر بێت لە سەر ئەرکە نێونتەوەییەکانیان . چۆنیەتی پێکهاتەی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی , سیستمی زنجیرە مەڕاتیبیان
, دیسپلینی پۆلایین و کۆنترۆڵی سەرەوە بۆ خوارەوەیان , ئوسوڵی کار کردنیان , لەگەڵ حزبە بۆرژواکاندا جیاوازییەکەیان هەر ئەوەندەیە کە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی با بڵێین کار بۆ سۆشیالیزم و ئەوانیش کار بۆ سەرمایەداری دەکەن . یانی پێکهاتەی حزبی و زنجیرە مەڕاتیب و چۆنیەتی پیادە کردنی دیسپلینی حزبی , لە هەردوو لایاندا و بە شێوەیەکی گشتی لەیەك دەچن . یانی ئەم شێوەیە لە حزبایەتی تەبایە بە بۆرژوا و ناتەبایە بە کرێکاران . کرێکاران حزبێکی بەرینی چینایەتییان دەوێت , نەك حزبێکی داخراوی گرووپیانە . چۆن دەکرێت حزبێك خەبات بۆ بە دەست هێنانی ئازادی بکات لە سەر ئاستی کۆمەڵگا و لە ناو خۆشیدا سەرکوت هەبێت . چۆن دەکرێت حزبێك داوای یەکسانی بکات و لە ناو خۆشیدا جیاوازی کاریی هەبێت . چۆن دەکرێت حزبێك داوای گەورە بوونەوەی خۆی بکات لە ناو چینی کرێکاردا و چینی کرێکاریش تا ڕادەی پاشکۆ بوون بچوك بکاتەوە .

هەڵبژاردنی ڕابەران لە ناو چینی کرێکاردا , هەلومەرجێکی تەواو ئازادانە بە خۆیەوە دەگرێت , بەڵام لە ناو حزبدا ئەو هەلومەرجە لە قاڵب دەدرێت . ڕابەران لە ناو چینی کرێکاردا هیچ بڕیارێك بە بێ ڕازی بوونی کرێکاران نادەن ( یانی مەرکەزیەت لە خوارەوەیە ) , بەڵام لە ناو حزبدا نەك پرس بە ئەندامان ناکەن , بەڵکو بە سەریشیاندا دادەسەپێنن . ڕابەران لە ناو چینی کرێکاردا ماوەی ڕابەری کردنیان بۆ دانانێن ( واتە هەچ کاتێك بە دڵیان نەبوو وەلای دەنێن ) , بەڵام لە ناو حزبدا ماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژ خایەنیان بۆ دادەنێن . ڕابەران لە ناو چینی کرێکاردا پێش ڕابەرییان لە خۆشەویستییەکی ئازادانەی کرێکاران

بەهرەمەندن , بەڵام لە ناو حزبدا بە شێوەیەکی گشتی پێش خۆشەویستی لە ڕابەرایەتی بەهرەمەندن . ڕابەران لە ناو چینی کرێکاردا لە پەیوەندییەکانیاندا سادەن , بەڵام لە ناو حزبدا لە پەیوەندییەکانیاندا قورسن . ڕابەران لە ناو کرێکاراندا هەڵەی خۆیان ناشارنەوە و دەیخەنە ڕوو بەڵام لە ناو حزبدا تا بۆیان بکرێت پەردە پۆشی دەکەن . ڕابەران لە ناو کرێکاراندا بۆ هەڵەی بەرچاو داوای لێبوردن لە هاوڕێکانیان دەکەن , بەڵام لە ناو حزبدا بە ئاشکرا بێدەنگەی لێدەکەن و کە دێشنە ژێر فشارەوە خۆیانی لێدەدزنەوە . ڕابەران لە چینی کرێکاردا لە ویژدانی چینایەتییانەوە دەست پێدەکەن , بەڵام لە ناو حزبدا لە حزبیەتی کاریانەوە دەست پێدەکەن . ڕابەران لە ناو چینی کرێکاردا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن لە سەر خستنی داوا کرێکارییەکاندا , بەڵام لە حزبدا حزب بە بەرپرسیار دەزانن تەنانەت هەندێك جاریش جەماوەر . ڕابەران لە چینی کرێکاردا ڕێزی ئەوانەش دەگرن کە ناڕازین بە قسەوباس و کارەکانیان و هەمیشە بۆ ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی خەبات ماندوو نەناسن لە ڕاڤە کردن و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵیاندا , بەڵام لە ناو حزبدا دەیانخەنە کەنارەوە و بە سەرزەنشت و ناوزەد کردنیان بە گوێ نەدان بە دیسپلینی حزبی و حەز کردن بە ڕەخنە و نا پراکتیسی و ڕێگری لە چوونە پێشەوەی کارە حزبییەکان و هتد , تووشی هەڵچوونی دەروونی و بێ متمانەیی و سارد بوونەوەیان دەکەن . ڕابەران لە چینی کرێکاردا هەستێکی چینایەتییانەیان هەیە , بەڵام لە حزبدا هەستێکی گرووپ گەرایی و خۆ بە گەورە بوونانەیان هەیە .

دیارە ئەمانەی سەرەوەم هەمووی بۆ ناکۆك بوونی ئەم شێوەیە لە حزبایەتی هێنایەوە بە چینی کرێکار , چ لە چۆنیەتی پێکهاتە و زنجیرە مەڕاتیب و میتۆدی کار کردن تیایدا و چ لە ناچاری ڕەنگ گرتنی بە شێوەی دەزگایەکی سەروو چینایەتی و چ لە ناکۆك بوونی ئەو قاڵبە حزبییە بە هەر ڕابەر و کادر و ئەندامێك کە ڕۆشنبیرانە کار و خەبات نەکات و بیر نەکاتەوە تیایدا .

**درێژەی هەیە**